# پێویستە چەپ و سۆسیالیستەکان چی بکەن!

سالم کەریم ( کاوە)

ڤانکۆڤەر 13-8-2006

Kawa2002@yahoo.com

له هەلومەرجی ئێستادا کار و هەلسوڕانی هەر ڕێکخراوێکی سیاسی لەعێراقدا دەرکرێت بەیەکێك لەسەختترین سەردەمەکان لەقەڵەم بدرێت . سەرباری ئەو وەزعەش دەبینین زۆربەی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لە دوای ڕووخانی رژێمی بەعس بەشێوەیەك لەشێوەکان جێپێی خۆیان کردووەتەوە و کاریگەریان لەسەر مەسەلە جۆراوجۆرەکانی عێراق داناوە بەڵام ئەم هێزانەش بەشێوەیەکی گشتی نەیان توانیوە ئاکامە سیاسیەکان بەبارێکدا وەرچەرخێنن کە کۆمەڵگا بەرەو ئارامی هێور بوونەوە بەرێت. زۆرێك لەم هێزانە بەهەموو توانایەکیانەوە هەوڵدەدەن چارەنووسی خەڵك بەپلانەکانی ئەمریکاوە ببەستنەوە کە لەسێ ساڵی ڕابردوودا دەرکەوت ئەو پلانانە بێجگە لە تایبەتی کردنەوەی کەرتە گشتیەکان و دەوڵەمەندکردنی کەمینەیەك و ئاڵۆزکردنی زیاتری باری ئەمنی خەڵك هیچی تر نەبووە تاکو ئێستا . بۆیە بۆ رزگار بوون لەو وەزعە و دەورگێڕانێکی جدی دوور لەو سیناریۆیە کە لەم دەورانە حەساسەدا عێراقی پێدا تێدەپەڕێت پێویستە هەڵوێستەیە بکرێت لەلایەن ئەو گروپانەوەی کە خۆیان بەسۆسیالیست و کۆمۆنیست دەزانن ، پێویستە بپرسن دەیانەوێت لەم وەزعەی عێراقدا چی بکەن ، " ئایا چەپ دەیەوێت چی بکات و لەکوێ کۆمەڵگادا بوەستێت"؟ . هەر باسێك بکەین لەچوارچێوەی ئەو پرسیارەدا دەتوانی وەڵامی ڕاستەقینەو شیاوی خۆی وەربگرێت کە چەپ ناتوانیت چیتر بەم شێوازەی ئێستای کار بکات ودرێژە بەبوونی خۆی بدات و لەڕێگەی مەراسیم کارە مەقتەعی و پچڕ پچڕەکانەوە تەنانەت ڕۆڵی ئۆپسزیۆنێکی لاوازیش بگێڕێت . وەئەگەر ئەم شێوازەی ئیدامە پێبدات ئەوە بێگومان ڕۆژ دوای رۆژ زیاتر و زیاتر پەرایۆز دەکەوێتەوە.، بۆیە دەستبردن بۆ گۆڕینی شێوەی کارکردن و دووبارە پێناسەکردنەوەی هەندێ لەچەمکە فکریەکانی کاری سۆسیالیستی لەم دەورانەی ئێستادا ڕەنگە شانسی بوون بەهێزێکی ڕزگارکەر لەعێڕاقدا بدات بەسۆسیالیستەکانی عێراق .

چەند ساڵێك پێش ئێستا زۆربەی ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستیەکان لەژێر کاریگەری ئەو باوەڕدا بوون کە ناکرێت دوو حیزب یاخوود دوو ڕێکخراوی کۆمۆنیست لەیەك کات و یەك شوێنی دیاریکراودا بوونیان هەبێت ، یانی دەبێت هەر یەکێکیان کۆمۆنیست بێت و ئەوی تریان سەر بە بەرەیەکی تر ، خۆشبەختانە ئەمڕۆ ئەم بۆچونە کەم ڕەنگ بووەتەوە و لەجێگەی ئەودا بۆچوونی جیاوازتر خەریکە لەنێو کۆمۆنیست و چەپەکاندا چەکەرە دەکات و جێکەوتە دەبێت ، ئەویش قبوولکردنی یەکتر و کارکردن لەسەر داخوازیەکانی خەڵك پێکەوە . بەگوزەر لەوەی کە هەرجۆرە تێڕوانین و ڕەنخنەیەك لەسەر پێکهاتەی حزب وەك ئامرازێك بۆ خەبات کردن هەمانە، دەستگیر بوون لەبیرۆکەو بۆچوونێك کە جیاوازیە ئایدیۆلۆژی فکریەگشتیەکانی ڕێکخراوە سۆسیالیستەکان قبووڵ بکات وەئەگەر هەریەك لەم ڕێکخراوانە بەشێوەیەك لەشێوەکان شوناسێکی چینایەتیان هەبێت ئەوەخاڵێکی درەخشان وگەڕانەوەیەك دەبێت بۆ ئەو ووتەیەی مارکس کە لەمانەڤێستدا دەڵێت " ئەوەی کۆمۆنیستەکان لە بزووتنەوەکانی تر جیا ئەکاتەوە ئەوەیە کەهەوڵی کۆمۆنیستەکان بەبەردەوامی بۆ یەکێتی و یەکگرتنی چینی کرێکارە " یانی خۆ بەستنەوە بەشیوازێکی

نامۆوە بەچینی کرێکار و دەست درێژنەکردن بۆ گەشە پێدانی ئەو مەیلە ڕادیکاڵ و پێشکەوتوخوازانەی نێو چینی کرێکار بەمانای کار نەکردنە لەسەر گرفتەکانی ڕۆژانەی ئەو بەشە زۆرەی خەڵك ، ونەچوونە پای گرفتەکانی خەڵك یان قەتیس کردنەوەیان لەنێو بەرژەوەندیەیە حزبیەکاندا فاکتەرێکی نێگەتیڤە و دبێتە مایەی دروست بوونی ڕووحی خۆ بەباشتر زان و ملەدان و گوێ نەگرتن بۆ بۆچوونە جۆراو جۆرەکانی نێو بزووتنەوەی کرێکاری و سۆسیالیستی و گرتنە بەری عەقاری کارکردن بەشێوەی مەحفەلیزمی یاخوود تاکە حیزبی .

هەڵبەتە دەکرێت کارکردنی ڕێکخراوە چەپ و سۆسیالیستەکان لە دەورانە جیاوازەکاندا ڕاستی و درووستی و پێداویستی کاری هاوبەشیان بەپێی بەرژەوەندیە کۆنکریتیەکانی زۆرینەی خەڵکی بەشمەینەت دیاری بکرێت ، بۆیە باسکردن لەبزووتنەوەی سوسیالیستیش هەرچۆنێك بێت لەئێستادا کەعێراقی پێدا تێپەردەبێت پێویستە لەڕەوەندی ئەو بەرژەوەندییە گشتییەی خەڵکی عێراقدا بێت وەهەموو باسەکان سەبارەت بەکاری هاوبەش و شێوەو مامەڵە کردنی گرووپە سوسیالیستییەکانیش بەو مانایە بێت کەچون بارو گوزەرانی خاڵك لەو وەزعە دژوارە رزگار بێت ، چۆن ئەو گروپانە ببنە ئامرازێك بۆ ئەو ئاڵوگۆڕە لەژیانی خەڵکی عێراقدا .

بڕوا ناکەم کەسێك هەبێت نکۆڵی لەوە بکات کە ئێستا لەعێراقدا بزووتنەوەی کرێکاری و سۆسیالیستی لەپاشەکشەدایە و کەمترین کاریگەری بەسەر هاوکێشە سیاسیەکانەوە نیە ، بۆیە پێویستە ئەمە وامان لێ بکات هەڵوێستەیە بکەین و بیرێك لەوە بکەینەوە کە چۆن جارێکی تر لەکەش و هەوایەکی ئازادانە و زانستیانەدا بەپێی بەرژەوەندیە گشتیەکانی چینی کرێکار و زۆرینەی خەڵك کۆمەڵگا وەرچەرخێنین بەرەو ڕادیکالیزم و جیکەوتە کردنی فەرهەنگێکی شارستانی و مۆدێرن دوور لە کاریگەری دین و هەموو ئەو کۆنسێپتە دواکەوتووانەی کە سەرمایەداری لەووڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا لەسەری ووەستاوە ، چۆن بتوانین پەلە بەقۆناغی بە دەزگای کردنەوەی دەوڵەت بکەین وەخیرا تری بکەینەوە کە لەئاکامی نەبوونی دەزگاکانی خودی دەوڵەت هێزی کۆنەپەرست و دواکەوتوو درێژە بەبوونی خۆیان دەدەن ، بۆ نمونە لەکوردستاندا کەزیاتر لە پانزە ساڵە لەپای نەبوونی دەزگا خزمەتگوزاریەکانی هەرکارێك کرابێت ئەو بە فیلتەری پارتی و یەکتیدا تێپەڕیوە و ئەوان دیاریان کردووە چی بکرێت بۆ خەڵك ، کەهەمووومان شاهیدی ئاکامەکەین کەبێزاری ناڕەزایەتی خەڵك بوو بەفاکتەرێك کە لەسەر گەندەڵییەکانی پارتی و یەکێتی هەڵبداتەوە بەئەندازەیەك نامەسئوول ئەم دوو حیزبە ڕۆشن ببێتەوە کە تەنانەت تەقە لەخۆپیشاندەران بکەن . بۆیە بەلەبەرچاوگرتن و ووردبوونەوە لەو ئاڵوگۆڕانەی کە لەژیانی ڕۆژانەی خەڵك و شێوەی تێڕوانیان بۆ گشت چمکەکانی ژیان کە بەسەریاندا هاتووە ، کۆمۆنیست و سۆسیالیستەکانیش خۆیان ڕێکبخەنەوە و ئەو دەروازانە ببیننەوە کەڕاستەو نوینەرایەتی ئاوات و خەونەکانی خەڵك عێراق بکەن و عێراق رزگاری بێت لەفەتاو و ترساندن و تۆقاندن .

دیارە بە نیگەرانیەکی زۆرەوە هەروەك لەسەرەتاشەوە باسم کرد ، هەموو شاهیدی ئەوەین کەچۆن بزووتنەوەی سۆسیالیستی بەهەموو مەیلە سیاسیەکانیەوە لەململانێ و گۆڕەپانی سیاسی ئەمڕۆی عێراقدا بەپێی ئەو هەوڵانەی کە لەمێژووی یەك دەیەو نیوی ڕابردرددوویدا بەخەرجی داوە ، بێ دەورو نەخشەو ئەکرێت بڵێین کاریگەریەکانی لەئاستی لانی کەمی چاوەڕوانیەکاندا نیە و ئاکامی ئەو هەموو هەوڵ و خەباتەی پێشووی نەبووەتە دەستمایە لەکارو هەڵسوڕانی لەئێستادا . ئەمە لایەنێکی کاریگەری ئەو سیناریۆ ئەمرکایەیە کە ڕێگەخۆشکەر نیەیە بۆ ئەوەی هێزی

پێشکەوت و خواز سۆسیالیست ڕاستەوخۆ و بێگرفت سەرهەڵبدات لایەنەکەی تریشی ئەو فیگەرەیە کەنەك بەتەنیا ڕێکخراوە سیاسیەکان بەڵکو هەر تاکێکی کۆمۆنیست و سۆسیالیستیش زۆر جار بێ وەڵامن لەبەردەم ئەو پرسیارەی ، کەسەرباری هەلومەرجێکی ئاوهاش چۆن ئەم بزووتنەوەیە بتوانیت ڕۆڵی جدی هەبێت یاخوود ئەو کەناڵانە کامانەن کەلەڕێگەیانەوە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەعێراقدا دەچێتە قۆناغێکی ترەوە . ؟

کار کردن و یەکخستنی هەوڵ و توانایەکانی بزووتنەوەی چەپ لەعێرق لەئێستادا بێگومان یەکێکە لەوەڵامە گرنگەکانی ئەو فیگەرە ، چونکە لەدەورانە جیاجیاکاندا نەك بەتەنیا لەنێوان مەیلەکانی نێو بزووتنەوەی کرێکاری و سۆسیالیستیدا کاری هاوبەش دەبێتە فەرەزیاتێك بەڵکو زۆر جار بزووتنەوە جیاجیاکانی تریش لەچەند خاڵێکی هاوبەشدا کۆدەبنەوە و بۆ دەورانێکی کاتی لە نێو یەك بەرەدا هێزەکانیان یەکدەخەن بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندیە هاوبەشەکانیان . بەپێویستی نازانم بچمە نێو ووردەکاری ئەو بەرژەوەندیە هاوبەشانەوە لێرەدا ، بەڵام یەك ڕاستی هەیە پێویستە بوترێت ئەویش هیچ کات کاری هاوبەش لەسەر بنەمای ڕێکەوتن و تەبا بوون نەبووە لەسەر زۆریەنەی شتەکان بەتایبەت شتە ئایدیۆلۆژی و تێڕوانینە فکریەکان ، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەگەر چەند خاڵێکی هاوبەشی گرنگ هەبێت کە تەعبیر لەخواست بەرژەوەندی خەڵك بکات لەنێو ئەو یزووتنەوانەدا و چارەنووسی خەڵکی پێوەگرێدرابێت ئەوە دەکرێت تاکو بەئەنجامگەیاندنی ئەو بەرژەوەندیانە سۆسیالیستەکان پێکەوە لەسەنگەرێکدا چالاکی و کارو هەڵسورانیان یەکخەن . بۆ ئێمەی کۆمۆنیستەکانیش وایە ئیتر هەر لەسەقامگیر کردنی ئازادیە سیاسیەکان و مەسەلەی مافی ژنان و پێکهێنانی ڕیکخراوە کرێکاری و جەماوەریەکان بەبێ هیچ قەید و شەرتێك ، مافی مان گرتن و کۆبونەوەیان ، بنیات نانەوەی عێراق لەسەربنەمایەکی مۆدیرن کە وەڵام دەرەوەبیت بە کێشەکانی ئێستای عێراق ، لەهەموو ئەمانەش گرنگتر بەرێخستنی بزووتنەوەیەکی جەماوەری سیڤیلێ کە ئێستا لەکوردستاندا بەرێ کەوتووە بۆ باشترکردنی باری ژیانی خەڵك و قەبووڵ نەکردنی ئەو هەلومەرجە دژوارە وەهاوکاتیش لەئاستی سەراسەریدا بۆ بەرگرتن بەو هەلومەرجە خوێناویەی عێراق کۆڵێك ئەو کارانەن کەناچارمان دەکەن پێکەوە توانایەکانمان یەکخەین .

مەسەلەیەکی تر کە زۆرجار لەڕابردوودا دەبووە باسێکی داخی نێوان رێکخراوەکان و هەڵسوڕاوانی نێو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەعێراق و لەکوردستاندا بەتایبەت شەرتبەندی کردن بوو بۆ بەڕەسمی ناسینی یەکتری یاخوود بەمانایەکی تر بەڕەسمی نەناسین و نەفی کردنەوەی یەکتری ، هیچ کات دایەلۆك لەسەر بنەمانی بەهێزکردن و دەوڵەمەندکردنی چەمکە فکریەکانی ڕکخراوەکانی نێۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا نەبووەتە دیاردەیەك ، ئیتر ئەمە چ لەئاستی ڕێکخراوەکاندا بووبێت یاخوود لەسەر ئاستی کادرانی، هەمیشە نزیك کردنەوەی ڕیکخراوی چەپ و کۆمۆنست لەمەرگیان و تیژکردنی نووکی ڕەخنە لەیەکتر بەشێوەیەکی زور نێگەتفانە خاڵێکی بەرچاوی ئەم گرووپانە وەئەمە یەکێك لەو خاڵە نێگەڤیفانەیە کە هەمیشە ڕێگەی لە درووست بوونی دایەلۆکێکی ئارام و سوودبەخش لەنێوان کۆمۆنیستەکاندا گرتووە.

بۆیە ئەگەر من باسەکە بگەڕێنمەوە ئەم حاڵەتەی کە ئێستا چەپی پێدا تێپەڕدەبێت ، پێویستە دووبارە ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەینەوە ئەویش ، ئایا بۆچی لەئێستادا مەسەلەی کاری هاوبەشی چەپ و ئارایشدانەوەی بزووتنەوەی کرێکاری و شێوەی کارکردنی مەیلەکانی پێویستی بەباسکردنە، بێگومان زۆر مەسەلەیەکی سادەیە

ئەویش نەتیجەی سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی جەماوەرىیە کەخەریکە سەرتاپای کوردستان دەگرێتەوە پێویستە سۆسیالیستەکان بەشێکی سەرەکی بن تێیدا ئەمە لەلایەك، لایەنێکی تری بەمەبەستی کارکردنی سۆسیالیستەکانە بۆ بەرگرتن بەژەهراوی کردنی مێشکی خەڵك ، قبوڵ نەکردنی ئەو ئاکامە دواکەوتوویە کەلەسایەی سەری هێزە کۆنەپەرستە جۆراوجۆرەکانی عێراقەوە خەریکە خۆی فەرز دەکات و ڕۆژانە فەرهەنگ و کەلتوری سیاسی و ژیانی ڕۆژانەی گشت خەڵك دەشێوێنێ ، وەئەگەر هەلویستەیەك نەکەین لەئایندەدا کاری سۆسیالیستەکان سەدان بەرامبەر بە ئێستا سەخت و دژوارتر دەبێت. پێویستە کەڵك لەئەزموونی ئەو وولاٚتانە وەربگرین کە تیایاندا سۆسیالیستەکان شەڕی نیولیبرالیزم و چەمکە نوێیەکانی کاپیتاڵیزم دەکەن ، پێویستە چەپ ئاکامە خراپەکانی تایبەتی کردنەوەی کەرتە گشتىیەکان بۆ خەڵك ڕۆشن بکاتەوە و ڕۆڵیان هەبێت لەبەرزکردنەوەی چاوەڕوانییەکانی خەڵکدا و گەندەڵی سیستەمی ئابووری عێراقی نوێ بۆ خەڵك ڕۆشن بکەنەوە، پێویستە ئەو بڕیار و یاسایانە ڕیسوابکرێت کە ڕێگە بەخەڵکی نادات خۆپیشاندان بکات ، بەبێ هیچ هۆیەك خەڵکانی هەڵسوڕاوی جەماوەری زیندان دەکات ئازادىیە سیاسییەکان بەرتەسك دەکاتەوە .. هتد . فراوانکردنەوەی مەدای کارکردنمان وخۆپاراستن لە فۆرمۆڵەسازی ، یانی ئەگەر بەنیازین لانی کەم ببین بە ئۆپۆسزیۆنێکی کاراو چالاك ئەوە پێویستە کەڵك لەهەموو هێزی خەڵك وەربگرین ئەبێت پێمان وانەبێت خەڵکی دەبێت بەتەنیا لەدەرگای کریکاری بوونەوە بەهەمان ئەندازەی ئاگاهی هەریەك لەڕێکخراوە سیاسىیەکانەوە پەیوەستبن بە بەداخوازىیەکانی خۆیانەوە ، بەڵکو پێویستە لەپەیوەند بەبەرژەوەندىیەکانی خۆیان نارەزایەتی دەبڕن ، بەلاٚم هاوکاتیش کاری سۆسیالیستەکانە خەڵکی گۆش بکەن بە ئاگاهىیەکی ئینسانی ، خەڵکی ئاشنا بکەن بەفەرهەنگێکی سکۆلار و پێشکەوتوخواز.

**لەکۆتایدا ئەگەر بەدیموکراتی کردنی کۆملگا لەئێستای عێراقدا وەك چەکێك بەکار دهێنرێت لەلایەن هێزە بۆرژوازی و قەومىیەکانەوە ئەوە چەپ پێویستە ببێتە کەناڵی واقیعی بلاٚوکردنەوەی فەرهەتگی دیموکراسی ڕاستەقینە لەنێو خەڵکدا ، وەنادیموکراتی بوون و گەندەڵی ئەو هێزانە لەهەموو بوارەکانی ژیاندا بۆ خەڵکی ڕۆشن بکاتەوە کەچۆن لەچەند ساڵی ڕابردوودا وورده وورده ئازادیەکانی خەڵکی جاریکی تر قۆرخ دەکرێتەوە لەلایەن چ ئەو هێزانەی کە لەئاستی عێراقدا خەریکە دەستەلاٚت پەیدا دەکەن و چی حکومەتی پارتی و یەکێتی کە تەنانەت لەم چەند ساڵەی دوایدا دەستیان بەخوێنی خەڵکی ناڕازی سوور بووە و ڕۆژ نییە تاوانێك لەوبابەتە لەکوردستاندا ئەنجام نەدەن .پێویستە.چەپ دیمکراتی کردنەوەی هەوو چەمکەکانی تری ژیان بەسیاسەتیشەوە بکاتە چەکی دەستی ئەم دەورەیەی خەڵك ، دیموکراسی لەبواری ئەوەی کەچی بەرهەم بهێنرێت و چی جۆرە نەخشەو پلانێك دابرژێردرێت بۆ بەڕیوەبردنی کۆمەلگا و چی جۆرە خزمەتگوزاریەك دابین بکریت ، پێویستە ئەمانە هەموو لەڕیگەی ڕاپرسىیەکانەوە بەشێوەیەکی زۆر دیموکراسیانە ئەنجامبدرێن ، نەوەك بەهێزو گولەبارانکردن وەلاٚم بەداخوازی خەڵك بدرێتەوە کەهەر ئێستا لەکوردستاندا ئەم تاوانە بەرامبەر بەخەڵکی ناڕازی ئەنجام دەدرێت ..ئەمانەو زۆر گرفتی تری خەڵك ئەو هاندەرە سەرەکىیانەن کە پێویستە چەپ ئەگەر مەبەستێتی ئاڵوگۆڕی ڕیشەی بکات و عەقاری ئەو هەلومەرجەی عێراق بەگشتی بەرەو ڕەوەندێکی ئینسانی و شایستە بەبەشەری ئەم سەردەمە بەرێت ، ئەوە پێویستە خۆی بەخاوەنی کۆمەلگا بزانێت دەستبەرداری شتە ووردەکان ببێت ببێتە ئامرازی بەدەستهێنانی داخوازىیە ڕەواکانی خەڵکی بەشمەینەتی کوردستان و عێراق بەگشتی..**